دوو تەقینەوەی بەهێز لە قامشلۆ رووێدا



دوو تەقینەوەی بەهێز لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان رووێدا، کە یەکێک لە تەقینەوەکان بەهۆی هێرشکی فڕۆکەی بەفڕۆکەوانەوە بووە.

ئەمە هەینی، دەنگی دوو تەقینەوەی بەهێز لە شاری قامشلۆی ڕۆژئاوای کوردستان بیستراوە، بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ، گومان دەکرێت یەکێک لە تەقینەوەکان ئاگرکەوتنەوە و سووتانی تانکی سووتەمەنی بووبێت لە باڵەخانەیەک کە دەکەوێتە گەڕەکی غەربی لە نزیک کێرگەی دروستکردنی بەفر لە ڕۆژئاوای شارەکە، بەڵام تەقینەوەی دووەم دەرکەوتووە کە هێرشکی دەرەنی بووە بۆ سەر هەمان شوێن و هەمان باڵەخانە.

لە دەوروبەری باڵەخانەکە بەمبارانکراوەکە بنکەی ئاژانسی هەواڵی هاوار و بارەگای دەستەی بەرگریی شارستانی و چەند دامەزراوەیەکی دیکەی مەدەنی لە دەوروبەری شوێنەکە هەن و بەر لە تەقینەوەکانیش دەنگی سوپانەوەی فڕۆکە لە ئاسمانی ناوچەکە بیستراوە.

هەروەها لە بارەی بوونی ژمارەی قوربانییان و شوێنی بەمباران کراوەکە، هێشتا ئیدارەی خەسڕ لە قامشلە هیچ زانیارییەکی بەاو نەکردووەتەوە.